# *بانگەوازێک بۆ نزیک بونەوەی هیزی چەپو دیمۆکراتی*

**دکتور تاهیر بابان**

ئەی تۆی بەش خوراو لەرەنجی کارت
قەت نەبیتەوە نێچیری پارت
بە هێزی مێشکو هێزی دەستو زار
زووکە ڕاپەڕە هەستە بێرە بار
ووریابە  ئەمجا هەڵ ندۆڕێنی
ئیتر لە شۆڕش بەخت نەتۆرێنی
هەتا شۆڕشمان کەم نەکا تینی
لە قارەمانی ترس نەبزوێنی
ئەبینی خیۆنو نەزیفو زامە
چالاکی بەعسو خوتبەی ئیمامە
ئەبینی جەورە  بۆ هەمو چینێ
بۆ هەمو ڕەگەز بۆ هەمو دینێ
ئەوانەش کە هۆن حاڵ بەردەوامە
حکمو حەلیفو بەعسو اسلامە
ئەی دیمۆکراتان ئیتر بێنە بار
لابەرن جەورو عەرشەکەی زۆردار
تا لە ناحەز وولاّت  ئازاد بێ
گەلیش بە جارێ بەختیارو شاد بێ
ئەوسا سەرۆکێ دەستو کارتان بێ
تێکۆشەرێکی پڕ لە بارتان بێ
نەک یەکێکی وا قەت لە تۆ نەگا
خەریکی خۆ بێ کاری تۆ نەکا
ئەو کارەی لای ئەو بۆ نیشتێمانە
کۆشکۆ تەلارو زێرو گیرفانە
یا هەر بە ناوی گەلو تێکۆشان
راتبی گەورەو ئەلقابو نیشان